کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-8-2007 23:10 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مسداقیەتی قەڵەم ... بەهزاد حەوێزی

b_hawezy@yahoo. com

ڕێگەی نووسین ڕێگەیەکی لێوانلێوە لە کەندوکۆسپ وئاستەنگ، زۆر لەوەی ڕۆژنامەگەریی پڕسەرئێشەترە بەوەی شوناسەکەی وەك ئەوەی ڕۆژنامەکاریی ونووسیی روون وبەرچاو نییە، بەمەش هەڵوێستی داکۆکیی وڕووبەڕووبوونەوەی تا ڕادەیەك جیاوازولاوازەو بەرادەیەکی زۆر وتەنانەت ترسناکیش لە ئەستۆی خودی نووسەرەکە دایە.



ئەوەی نووسین دەکاتە پیشە پێویستە بەرلەهەر شتێك بیر لە دوورمەودایی نەفەس وبیریی بکاتەوە، بیر لە خۆراگریی وبوێری وراستگۆیی بکاتەوە، مەبەست لەو بیرکردنەوەیەش واتە هەڵێنجانێکی ئەقلانی لە کاروپیشەوبەرهەم، کە بەبێ ڕۆشنفیکرییەکی ئۆرگانییانەوئەکتیف مەحاڵە.

ئەقل دەبێ مەحەك بێت ئەو مەحەك بوونەش مانای ئەوەنییە لە دورگەی واقواقەوە بانگ بدەی، نەخێر کەرەستەکانی ئەقلسازیی دەبێ هەمیشە ئامادە بن لە بیناکردنی پڕۆژەڕۆشنبیری وهزرییەکاندا، کانگایەکی برەودەر بێت بە رەگەزەکانی دەربڕین وئەفراندن، باشە هەر کارێکی مەعنەویانەی ئادەمیزاد لە ئەقلەوەهەڵناقووڵێت، بەڵام لێرەمەبەست ئەو تەجریدە نییە وەك لەخۆیدا داینەمۆی هەنگاونان وگۆڕین بێت، ئەمە تەقلیدێکی کوشندەیەو بەبەستەڵەککردنی ئەقلمەندییە، بۆیە نەخێر چونکە ئەقلی بنیاتنەرو ئەقلی وێرانکەرمان هەیە، هەروەها ئەهلی ئەقل وئەهلی بەخت.

نووسەر لەو دووڕیانەدایە وبیەوێ ونەیەوێ بژارەودەشنیشانکردنەکە هەر بە – لە دەستی ئەودایە، ئەو خاوەنی هزریانەی قەڵەم وبیرۆکەوبەرهەمەکانیەتی، بەڵام ئایا مەرجە هەرکات نووسین رەنگدانەوەی بیروهزری نووسەر بێت، بەمەش دیسان دەکەوینە نێو گێژەلووکەوئاڵۆزکارییەکی دیکە، کە پەیوەندی بە خودی نووسەرو بنەماکانی ڕۆشنفکری وباکگراوەندیی هزری ئەوەوە هەیە، ناکرێ دیالەکتیکانە سەیری ئەو هاوکێشەیە نەکەین، هەروەها ئاسانیش نییە یەك پێوەرو نوختەنیگا بکەین بە سەنگی مەحەك، لەکاتێکدا پێوەرێکی رەها بوونی نییە میتۆدی رێژەگەریی (النسبیە) سەنگ ورۆڵی خۆی هەیە، بەڵڕم ئەمەش پاساو نییە بۆ لادان وچاوپۆشیی وخۆڵ بەچاوداکردن لەرووی هەقیقەت وراستی وهەقیانەت، بۆیە ناکرێ لە ئاست شت ودیاردەچەوت وچەوێڵەکان پێوەری ئەقلانیەت بەکارنەخەیت و خۆ بەچەکی زانست وراستی وبەڵگە و لۆجیك تەیار نەکەیت.

گەر دیقەت وسەرنجێك لە پێکهاتەسیستەم ئاساکەی ئادەمیزاد بدەین، بۆمان روون دەبێتەوە ئەو بوونەوەرە هەمیشە گوێرایەڵ وملکەچی کۆمەڵەحەزوئارەزوویەکی دەرەکی وناوەکییە، کە لە ئەسڵا فریودەری ئەقلن، بۆیە دوای هەر نوشوستییەك و نووچدانێك پەنابۆ نزیکترین ڕێگە، کە لە راستیا بەهادارترینیانە، ئەویش ئەقڵە دەبات وەك فریادرەسێك بەردەست ودیدە ئامادەیی هەیە.

ئادەمیزاد بەهەر شوناسێکەوەبێت مایەی گۆڕان وبادانەوەیە، ئەوە ئەو نییە (هەمیشە!) بە پیرۆزیی وتابۆییانە ڕێببڕێت، چونکە هەرکارێکی لەسەرهەر ئاستێکدا بێت زادەی بیروهۆشی خۆیەتی، وێڕای کانگەوسەرچاوەکەی لێی هەڵێنجاوە و کرۆك وئەو مەبەستەی هەیەتی و هەوڵی بۆدەدات، ئەو بۆ گەیشتن بە کۆمەڵەرێچکەوشتێك هەوڵ دەدات و هەر خۆیشی پێوەری دروستی و نادروستی بۆ ئەو کارەی دادەنێ جا رەوا بێ یا ناڕەوا ئەو بەدەگمەن ئەگینا هەرگیز چاوەڕێی ئەو مەحەکە لە یەکێکی دیکە ناکات، ئەمەشە دەردەکوشندەکەی ئەوان ((نێرگزیەت)) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لێرەدارۆحیی گرووپ یا تیم بوونی نییە، دەبوایە لەوەدا ئامادەیی هەبایە نەك لە چنینەوەی چەوت وچەوێڵی ولێکحاڵی نەبوون ولەیەکنەگەیشتن وگوێنەگرتن لەیەکدی ودانەنان بەیەکدی وسڕینەوەی یەکدی، ئەو لە خودی خۆیەوە بۆ خودی خۆیەتی، بەڵام چ خودێك کوشتەی ناووشۆرەت، رەنگە لە ناخی هەریەکێك لەئێمەدا نەرسیسێکی بچووك خۆی حەشاردابێ وناوبەناو ختەکەی هزرورەفتارمان بدات، بەڵام ئەوە هەرگیز شایستەو لە ئاستی بەهامرۆییەکاندا نییە، کاتێك بەناهەق پێوەرەکان دەشێوێنرێن وتێکەڵ وپێکەڵ دەکرێن.

ڕاستڕۆیی قەڵەم واتە یەکپرۆژەیی مەعریفی - موتەکامیل – کە رەنگپێدەری کەسایەتی وهەڵوێست وهزری خودی نووسەرەکەیە و ئەویش نەك لە کێشەمەزنەفیکری وئینسانییەکان بەدەرنییە، بەلکە لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، پێویستە لەو سونگەیەوە بوێریی وهەڵوێست هەبن ولێکیش جوێناکرێنەوە، بەمەش بەرهەمی شاکارئامێز دێنەئارا وەکو نموونەجیهانییەکانی: شکسپیرو هۆگۆوپۆشکین وتۆلستۆی و... تد.

نەك کتێبێك وباسێك ووتارێك، تەنانەت وشەیەکیش زۆرە بۆ هەڵوێست وداکۆکیکردن، ئەدی ئەوە نییە کەسی وبوێرو بە هەڵوێست لەسەر یەك وشەی (نا) پێکی مەرگی نۆشی یا بەرەو پەتی سێدارە ڕۆیی یا رووەوزیندان ملی نا، ئەوانە بوون زیکروفیکری دکتاتۆرەکانیان رەتکردەوەوقەڵەمەکانیان نەدۆڕاند، ئەوانەیشی هەمووشتێکیان دۆڕاند، ئەمڕۆکە هەمان رێچکەیان گرتۆتەوەبەر لە خۆزەلیلکردن وخزین بەرەو زەلکاوی بەزین و زەلیلاتی، بۆ هەرمەبەست وبەهەر ناوونازناوێك بێت وبەهەر بڕوبیانووپاساوێك بێت، لەوانە هەن فریۆدراوو هەیشە خۆفریودەرێکی مەعلانە و لەهەموویشی سەیرتر ئەوەیە بەهەردوو جۆریەوەخۆبەدەمڕاستی هەق لەقەڵەم دەدەن، ئای کە لەرادەبەدەر تراجیدی وقێزەونە ئەو شانۆنامەیە!!!.

ئەو جۆرانە وەك مۆرانە خەریکە بەچەند شێوە کەوتونەتە خۆرکلێدانی جەستەوهزری ئەدەبیات، خۆرەپێش دەکەن وبەهەموولایەك وەردەسووڕێن بۆ ناو، شۆرەت، پلەوپایە، پارەوپوول... تد، ئاخر نەگبەتییەکەش لەوەدایە هێشتا گۆمەکە شێلووە بەژێرخانەووسەرخانەوە بە بواری سیاسی وکۆمەڵایەتی ودەروونیشەوە، ناسەقامگیرییە هەمەلایەنییەکان ودەردەکۆمەڵایەتییەکان وپەتاکەسییەکان وایان کردووە تەمێکی ئەستوور بەر تیشك وقەدی شاخی هەقیقەت دابگرێت، ئەرێ بێ هەڵوێستی وگەندەڵیی ئەقڵ چی لێ وەبەردێت تا ئایندەیەکی پێ رۆشن بێت و نەوەیەك بخاتە سەر راستەڕێی خۆی، راستەڕێی هۆشیاریی وبونیاتنان، بەبێ ئەو زەوینە فیکری وپاکەو رەخنەوشیکردنەوەیەکی تاڵتاڵانە هەرگیز قەڵەم نابێتەپێشڕەوو داکۆکیکەر، بگرە تەپڵ و زوڕنای ئەم وئەو.

2007/7/14

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.